# سەربەخۆیی وئیسلام

(بەشی یەکەم)

ئایینی ئیسلامی پیرۆز پەیامێکی خودای گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی لە ڕێگای پیغەمبەرەوە(د خ) ناساندی بە جیهان، خوای گەورە ئەفەرمێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا)سبأ (٢٨)،(وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ) قلم (٥٢) لە ئایەتی یەکەمدا دەستەواژەی (الناس) بەکار هێنراوە کە بەراوشتەیەکی مرۆڤی تێدا بە دی دەکرێت. لە ئایەتی دووەمدا دەستەواژەی (العالمین) ی بەکار هێنراوە کە بەراوشتەیەکی جیهانیی تێدایە، هەر بەم دوو ڕێگایە بوو کە توانرا بانگەوازی ئایینی ئیسلام لە دورگەی عەرەبییەوە بۆ سەر تا سەری جیهان بگوازێتەوە و توانرا پەیامی خودای مەزن بە مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری جیهان را بگەیەنرێت.

ئەم پەیامە خواییە لە نێو مروڤایەتیدا دوو بەشن بۆ شوێنکەوتووانی، بەشی یەکەم: پەیڕەوی ئەم ئایینە دەکەن و خوداپەرستی ئەنجام دەدەن و ناو و نیشانیان موسڵمانە، ئێمە وەکو میللەتی کورد زۆربەی زۆرمان هەڵگری بڕواین بە خودای گەورە، و لە ساڵی (٢١ کۆچی )وە زۆربەی کوردنشین موسڵمان بوون و خۆیان گونجاند لە گەڵ ئایینی ئیسلامدا، چونکە ئەم میللەتە هاڕدرابوو پێش ئیسلام لە نێوان شەڕە گەورەکانی فارس و ڕۆم، بۆیە لە کاتی دەوڵەتی عەباسی کە (١٣٢ ك تا ٦٥٦ ك) حوکمیان کرد، کورد کە بەشێك بووە لە سیستمی حوکمی عەباسییەکان، داوای سەربەخۆیی نەکرد وەك فارسەکان کە دەوڵەتی بویهییەکانیان دامەزراند، تورکەکانیش کە ئەمانە بوون دەوڵەتی عەباسییان ڕووخاند و دابەشیان کردو لە ساڵانی (٢٣٢ك تا ٣٣٤ك) کە بە قۆناغی لاوازی ڕووخانی عەباسییەکان دەزانرێت، دەوڵەتەکانی تاهریە و سەفاریە و زەیدیەو و تولۆنیەو ئەخشیدێکان و فاتمییەکان و دەوڵەتی بۆیهی شیعی دروست بوون و تورکەکانیش هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دا، تەنها کورد بوو کە لەو سەردەمەدا داوای دەوڵەتی نەکرد، بەڵکو لە ڕیزی دەوڵەتی عباسیدا مابووەوە.

ئێستا ئێمەی کورد تۆمەتبار دەکەن کە وڵاتێکی ئیسلامیی وەك عێراق پارچە پارچە دەکەین، کە ئەم تۆمەتە زۆر نارەوایە کە دیخەنە پاڵ هەڵبژاردەکەی خەڵکی کوردستان.

بڕوابوون بە یەزدان سەرجەم ئایینزاکانی کوردستان کۆدەکاتەوە و بڕوابوون بە یەزدان یەکێکە لە بنەما سەرکییەکانی پێکەوەژیانی ئایینی.[1]

بەشی دووەم: تاکو ئێستا بڕوایان بەم ئایینە نەهێناوەو ئەم بڕوا نەهێنانە ڕێزی لێگیراوە، چونکە خوای گەورە ئایینداریێتی و بڕوابوون بە خودا بە ئارەزوومەندانە باسی کردووە لە قورئانی پیروزدا: {لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ}(البقرة:٢٥٦).



## شێخ ئیبراهیم شێخ محەمەد تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری ئیرشاد و توێژینەوە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئیسلام لە دورگەی عەرەبی بڵاو بووەتەوە لەو سەردەمەوە پرەنسیپەکانی ئازادیی تاك لە بیرو باوەڕیدا، لە رەخنەگرتن و گوفتاردا، لە بڕیاردان لە پێویستییەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵگە، کە ئەمانە مروڤ زۆر بە پەرۆشەوە بە دوایدا دەگەڕێت بوونی هەبوو،خوای گەورە ئەفەرمێت:{وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ} (یونس: ٩٩).

هەروەها جووڵانەوەی پێغەمبەری ئیسلام (دخ) دوای دامەزراندنی دەوڵەتەکەی لە مەدینە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ قەوارەی سیاسی و حوکمداریدا لە سەر بنەمای (المهادنە، والسلام )بووە بە واتای: بەهیچ شێوەیەك شەڕ دروست ناکەین، تا هێرش نەکرێتە سەرمان و ئایین و بیرو رای خۆمان بڵاودەکەینەوەو رێگری لە هیچ ئایین و نەریتێك ناکریت (لکم دینکم ولی دین) کافرون (٦).

پێغەمبەری ئیسلام (دخ) لە دوای خۆی لە کاتی فتوحاتی ئیسلامیدا مەبەست لێی داگیرکردنی جوگرافیای هیچ وڵاتێك نەبوو، یاخود بە زۆرەملێ خەڵك بکەنە موسڵمان، بەپێچەوانەی کارە نەشیاوەکانی گروپە توندڕەوەکانی ئەم سەردەمە داعش وەك نموونە کە ملیارە و حەفت سەد موسڵمانەکەی ئەم سەردەمە بە دیندار هەژمار ناکەن، بگرە ئەحکامە نەماوەکانی ئیسلام وەك جزیە و کەنیزی و ..هتد بە نەفامی بەرجەستە دەکەن، بەڵکو مەبەست لەو فتوحاتانە تەنها گەیاندنی پەیامی ئیسلام بوو، ئەگەر شوێنێك رێگەی بدایە شەڕ رووی نەدەدا، بە پێچەوانەوە شەڕ دروست دەبوو، بەڵام دوای بردنەوەیان لە شەڕەکەشدا حوکمی خۆیان بە سەر تاکەکاندا نەدەچەسپاند، (الا اللهم) حاکمێکی ناحاڵی لە دەقەکانی ئیسلام.

### ئازادی بیروباوەڕ

ئایینی ئیسلامی پیرۆز وەك ئایینێك، ئازادی باوەڕی وەك بنەمای ئازادییەکان هەژمار کردووە، ئەمەی لە قورئانی پیرۆزدا راگەیاندووە {أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ} واتا: ئەوە تۆیت بە زۆر و بێ ئارەزوومەندانە خەڵکان دەکەیتە ئیماندار؟ لە سەردەمی مەکەدا ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزیوە کە خوای گەورە لای پەسەند نەبووە کە خەڵکی بە زۆرەملێ ببنە موسوڵمان، هەر چەندە خۆ پێغەمبەر (د.خ) ٣٦ کەسی کردە موسڵمان لە ماوەی ١٣ ساڵی بانگخوازیدا لە مەککە، سەردەمی مەکەش سەردەمی گەرمی بانگخوازیی سپیی پێغەمبەر (د.خ) بوو، بەڵام خوای میهرەبان مرۆڤەکانی بە ئازادی وازلێهێناون تا بڕوای تەواویان بۆ دروست بێت، کە وا بێت ئازادی کە باسێکی گرنگی سەربەخۆیی مرۆڤەکانە، بە حەرام و تاوان و خراپە هەژمار ناکرێت،

ولە سەردەمی مەدینەدا خوای میهربان ئایەتی {لا إكْراهَ في الدِّين} (البقرە:٢٥٦) دابەزاند بۆ مرۆڤایەتی کە هیچ ڕێگایەکی بە کەس نەدا بە زەبری هێز کەس بانگهێشت بکرێت بۆ یەکتاپەرستی و موسڵمان بوون .

**مافی چارەنووس**

**(حق تقرير المصير self-determination):**

مافی چارەنووس دەستەواژەیەکی یاسای نێودەوڵەتییە، خۆ ڕاستە ژیانی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە پێشچوونێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە لە ڕووی زانست و گوزەرانی ژیان، بەڵام زۆر لە مرۆڤەکان هەست بە ژیانێکی کەرامەو ئازادی ناکەن و لە ناخەوە ئاسوودە نین، چونکە یان بە زۆرەملێ حکومداری دەکرێن، یان لە شوێنێکدا ژیان دەگوزەرێنن تووشی ناڕەحەتی ئەو ناوچەیە دەبنەوە، بە هۆی زوڵم و ستەم لێکردن، چونکە زوبان و نەریتیان جیاوازە لە دەسەڵاتدارانی وڵات. ئەگەر لە زانای ئایینی ٥٩ وڵاتە ئیسلامییەکان بپرسی لەگەڵ کۆمەڵێك لە مەلا و کەسایەتی کوردیش: کێ قابیل بە سەربەخۆییە؟ لە ساڵانی ڕابردوو، بگرە ئێستاش لە وەڵامدا ناوی (فەڵەستین) دەهێنن و باسی مەزلوومییەتی ئەو خەڵکە زۆر بە داخ و پەژارەوە دەکەن، یان کتێب و بابەتی سەربەخۆیی بۆ فەلەستینییەکان باس دەکەن، بگرە دەیان نامیلکە و نامەی ماستەرو دکتۆرا لە سەر ئەم بابەتە نووسراوە، مەلای وا هەیە لەم کوردستانە خێر لەخۆ نەدیوە، ئێستاش دوعا لە جوولەکە (ئیسرائیل) دەکات بە گریانەوە لە سەر مینبەرەکەیەوە، کەچی تەنیا وڵات کە بە ئاشکرا پشتگیریمان لێ بکات بۆ دەوڵەتەکەمان، ئیسرائیلە کە چەپڵەمان بۆ لێدەدات، وەك ئەوەمان پێ بڵێن: پشت بە عەرەب و عەجەم و تورك مەبەستن، وەك ئێمە چۆن ئیعلانی دەوڵەتمان کرد، گوێمان نە بە قوربانی، نە بە دانپێدانی وڵاتانی جیهان دا و ئێستا لە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانین لە زۆر ڕووەوە، ئێوەش ئازایانە بە ناوی قورئانەکەی خۆتانەوە و تەوراتەکەی ئێمە و ئەنجیلەکەی عیسا گیانەوە دەوڵەتەکەتان دابمەزرێنن.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە لە کوێی جیهاندا بیستووتانە زانای ئایینی عەرەبی و ئیسلامی بە سۆفی و ئیخوان و برا سەلەفییەکانەوە، دەنگێك، ڕەنگێك، نووسراوێك لە سەر سەربەخۆیی کوردستان، یان باسی مەزلوومیی خەڵکی موسڵمانی کوردستان کرابێت، لە ئەنفالکردنمان و لە کیمیاباران کردنمان و...هتد، ئێستاش لەم کوردستانە مەلای وا هەیە بۆ سەید قوتب و حەسەن بەنا فرمێسك دەڕێژی، (لەگەڵ ڕێز و حورمەتم بۆ هەردووکیان) بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: بۆ مەلای ئێمە بۆ خەڵك بگرییێت، بەڵام کەس ئێمەی لە بیر نییە؟ ئەگەر باسی مافی ڕەوای خۆمان بکەین، لێمان لێ هەڵدەقورتێنن و دەڵێن ئێوە تەفریقە چین و جیهانی ئیسلامی بەش دەکەن!

یەك لەو بابەتانەی کە جێگای سەرنجە دەزگا سوننەکانی جیهانە کە باوەڕم نییە هیچ هەڵوێستێکی ئیجابی بنوێنن، چونکە عەقڵییەتی زانای سوننە تا ئێستا بڕوای بە خیلافەتی عوسمانی ماوە، یان بڕوایان وایە دەوڵەتی ئیسلامی حوکمی جیهان دەکات (حاکمی کەون) وا دەزانن کورد خیلافەتی ئیسلامی تێکداوە بە داواکردنی سەربەخۆیی! بەڵام نازانن خۆیان ٢٤ دەوڵەتی پەرتەوازەی بێ عەدالەتیان دروست کرد لە دەوڵەتە دایکەکە.



پاشان سەرنجتان بۆ بابەتێکی زیندوو رادەکێشم، دیوانی وەقفی سوننی لە بەغدا ئەوەندەی من ئاگادار بم، لە شەڕی داعشەوە ئەم وەقفە لە کوردستان چالاکی ئەنجام دەدەن، مەلای سوننە مەشرەب بەخێو دەکەن لە دامودەزگاکانی کوردستان، تا ئەم کاتە بە سەرۆکی وەقفی سوننی و مەجمەعی فیقهی عێراقی و چی دامودزگای ئەم شوێنە هەیە، بە هەر دوو موفتی (شێخ صمیدعی و شێخ رافع رفاعی) ناوی پێشمەرگە بە زاریانا نەهاتووە، وەك بڵێی گوناهی گەورەیە! یان باسی رۆڵی قارەمانێتی پێشمەرگە ناکەن و لە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بیستوومە گوایە دەڵێن: گەر ئێمە ستایشی پێشمەرگە بکەین، (.....) لێمان زویر دەبن. ئەم عەقڵییەتە دان بە ئێمەدا نانەن گەر سەد ساڵی تر تۆڵەی قەمیسەکەی عوسمانیان بۆ بکەین. پرسیار ئەوەیە خێرە دەزگای وا هەیە لەم هەرێمە هاوکاریانە؟ خێرە خزمەت بکرێن لە هۆتێلە پێنج ئەستێرەکانی کوردستان شەونوێژەکانیان بکەن؟ ئاشکرایە کوردستانە بووەتە لانکەی سوننە لەم سەردەمەدا. دوایین لێدوانی (مەهدی صومیدەعی) کە بە موفتی عێراق خۆی هەژمار دەکات، ریفراندۆمی کوردستان بە ئیرهاب و تیرۆر باس دەکات، لە ٢٦ / ٨ / ٢٠١٧ وەزارەتی ئەوقاف و کارو باری ئایینی وڵامدانەوەیەکی گرنگی دایەوە و دەمکوتیان کرد.

**[١] بابەتێکم لە کۆنفرانسی رێکخراوی ( تمکین المراه ) لە شاری هەولێر پێشکەش کرد بە ناوی ( بنەماکانی پێکەوژیانی ئایینی)**



# ئافرەتانی کوردستان بە (بەڵێ) بەشداری لە ریفراندۆم دەکەن

دوای ئەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، لە بڕیارێکی مێژووییدا ڕۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆییان دەستنیشان کرد، لە ئێستادا هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لە کەشێکی ئازاد و چارەنووسسازدا خۆیان بۆ چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان ئامادە دەکەن، بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن دەوڵەت و شوناسی خۆیان لە بندەستی و کۆیلەیەتی و ستەمدیدەیی بۆ سەربەستی و سەرفرازی بگۆڕن، ئافرەتانی کوردستانیش بە ئایین و نەتەوەی جیاوازەوە، وەك مێژووی درەوشاوەی رابردوویان، جارێکی دی شان بە شانی پیاوان لەم گشتپرسییەدا بەشداری دەکەن، بۆ ئەوەی سەروەریی خۆیان و وڵاتیان مسۆگەر بکەن. لێرەشدا ئافرەتانی نیشتمانپەروەر راوبۆچوونی خۆیان لە بارەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا د. ڤیان سەبری ئەندامی یەدەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە «گشتپرسی لەبارەی مافی چارەنووس داواکارییەکی گەل و نەتەوە و جەماوەری کوردستانەو گونجاوترین ئامرازی شارستانییە کە لە سەرتاسەری جیهاندا پەیڕەو دەکرێت بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی گەل و نیشتمانەکان. گشتپرسی و مافی چارەنووس مافێکی سروشتی و دەستوورییەو یەکێکە لە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئەو بنەمایانەی نەتەوە یەکگرتووکان بە گشت بڕگەو ماددەکانییەوە لەسەری دامەزراوە. لەبەر ئەوەی مافەکان بەشبەش ناکرێن، بۆیە گشتپرسی بەبێ جیاکاری رەگەزی، نەتەوەیی، تائیفی و ئاینیی، پەیوەندی بە گشت تاکێکی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.» سەبارەت بە رۆڵی ئافرەتانیش لە ئەنجامدانی گشتپرسیدا دەڵێت: «هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ لە ڕێگەی ڕێککەوتنی شوومی سایکس-پیکۆ و دابەشکردنی کوردستان و بەزۆر لکاندنی باشووری کوردستان بەو دەوڵەتەوە، ئافرەتانی کوردستان تووشی نەهامەتی بوون. هەر لەبەر ئەم هۆیەش شانبەشانی براکانیان خەباتێکی بەردەوامیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلەکەیان و لەناویشیاندا مافە تایبەتییەکانی ئافرەتان لە رووی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەوە. پاش راپەڕینی ١٩٩١ و دامەزراندنی یەکەمین پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، ئافرەتانی کوردستان بەشێك لە مافە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەکانیان بەدەستهێنا (هەرچەندە لە ئاستی پێویستدا نەبوو)، ئێستاش چەندین بەڵگە و دیاردە هەن کە دیسەلمێنێت هێشتا ئافرەتی کورد بەدەست نایەکسانی و پەراوێزخستنەوە دەناڵێنێت، بەڵام راستەیەك هەیە کە من زۆر باوەڕم پێیە، ئەویش ئەوەیە کە ئافرەتان هەرگیز بە مافەکانیان ناگەن، تاوەکو خۆیان بەشدارییەکی کارا و بەهێزیان نەبێت لە بنیادنانی دەوڵەت و دارشتنی یاسا و دەستووری ئەو دەوڵەتە. بۆیە پێویستە ئافرەتان بە قورساییەکی زۆرەوە بەشداری لە گشتپرسیدا بکەن. داواکارم لە رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ گشت خێزانی پێشمەرگەکان و دایك و هاوسەر و کچی شەهیدان و گشت ئافرەتانی کوردستان بەشدارییەکی کارا و کاریگەر لە گشتپرسیدا بکەن و بە بەڵێ دەگ بدەن، چونکە بەڵێی ئەوان و سەربەخۆیی کوردستان گەرەنتییەکی سەرەکییە بۆ پاراستنی کەرامەتیان و دووبارەنەبوونەوەی زوڵم و ستەمی رابردوو.»

رۆژنامەنوس زەینەب سندی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە درێژایی مێژوو ئافرەتی کورد پاڵپشتی شۆڕش و بەرخۆدانەکانی کورد و هاوکاری برا پێشمەرگەکانی بووە لە خەباتی رزگاریخوازیی کوردستان، ئێستاش لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا دەبێت بە هەمان رۆحییەتی کوردپەروەرانەی جاران پشتیوانی پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بێت. ئاشکرایە زیاتر لە سەدەیەك بەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ تێپەریوە، کە بووە هۆی دابەشکردنی کوردستان بە سەر چوار وڵاتدا، ئەویش بە رەچاوکردنی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە بێ گوێدان بە ئیرادەی میللەتەکەمان، ئەمەش بووە هۆی نەهامەتی و دەردەسەری بۆ گەلی کوردستان و بەردەوام لەلایەن دوژمنەکانمان تووشی تاڵان و لەناوبردن هاتین و جینۆساید دەرهەق بە گەلەکەمان ئەنجام درا، بۆیە کورد بە درێژایی مێژوو هەوڵ و قوربانی داوە و زەمینە خۆش دەکات بۆ گەیشتن بە ئاوات و مافەکانی، ئێستاش کە کورد دەرفەتی بۆ رەخساوە و خەریکی دەستپێکردنی پرۆسەیەکی گرینگە بە پلانێکی دارێژراو و تۆکمە بۆ وروژاندنی رای گشتی جیهانی لەمەڕ پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، بویە پێویستە هەوڵەکان زیاتر پەرەی پێبدرێت، کات بەفیرۆ نەدرێت و دەستنیشانی ئەو ئەرك و کارو کردەوانە بکرێت کە هەنگاوەکان کورت دەکەنەوە.» گوتیشی: «سەرجەم ئەو کێشانەی لە ئێستا و رابردوودا تووشی میللەتی کورد هاتووە بەهۆی بێ دەوڵەتییەوە بووە. دەیان جار فەرمانڕەواکانی عێراق پەلاماری کوردستانیان داوە، کەچی نە نەتەوەیەکگرتووەکان و نە هیچ وڵاتێك لە سەر ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریيە کە دەرحەق بە گەلی کوردستان ئەنجام درا، نەهاتنە دەنگ، بەڵام کاتێك هێرش دەکرێتە سەر وڵاتێك راستەوخۆ جیهان دێتەدەنگ، جیاوازییەکەش تەنیا لە بوون و نەبوونی دەوڵەتدایە. لە لایەکی دیکەوە گشت هەوڵەکانی بەرەی دژە سەربەخۆیی و دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان، هەوڵدانە بۆ ترساندن و بێ هیواکردنی خەڵکی کوردستان، پەنایان بۆ ئەوە بردووە گوایە هیچ دەوڵەتێك پشتگیری ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ناکات، یان ئەگەر ریفراندۆم ئەنجام بدەین و سەربەخۆیی رابگەیەنین، ئەوا تورکیا و ئێران سنوورەکان دادەخەن و گەمارۆ دەدرێین. ئەمانە تەنیا قسەی بێ بنەمان و ئیتر ئەو سەردەمانە بەسەر چوو جارێکی تر نکۆڵی لە کورد و مافەرەواکانی بکرێت . نەتەوەکەشمان کە ساڵانێکە خەبات بۆ سەربەخۆیی دەکات بەرەو ئاسۆیەکی روون هەنگاو دەنێت. بۆیە نابێت چیتر ئەو دەرفەتە زێڕینەی کە لەبەردەممانە بە هاشوهۆشی نەیاران بە هەدەری بدەین و دەبێت بە دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان رۆحی شەهیدان و ئاواتە لەمێژینەکەیان و هەموو نەتەوەی کورد بێنینەدی.»


شیرین جەمال سەلام، مامۆستایە لە شاری سلێمانی و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئافرەتی کورد هەموو کات خۆڕاگر بووە لە بەردەم ئەو نەهامەتییانەی کەبە سەر کورددا هاتووە، لە خەباتیشدا بۆ رزگاری لەو نەهامەتی و ستەمکارییانە رۆڵی بەرچاوی هەبووە، ئەمڕۆ ئافرەتی کورد لەهەموو کات زیاتر پێویستە هوشیارتر بێت، لەبەر ئەوەی چارەنووسی خۆی و نەوەکانی داهاتووشی دیاری دەکات، واتە دەنگی ئافرەت تەواوکەری دەنگی پیاوانی نیشتمانپەروەرە بۆ سەربەخۆیی کە گرینگترین بڕیاری چارەنووسسازی میللەتەکەمانە.»

ئەو مامۆستایە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە مێژووی رابردوو بە هەموو ڕێگاکانی دژی مرۆڤایەتی هەوڵی لەناوبردنی




د. ڤیان سەبری:

**ئافرەتان هەرگیز بە مافەکانیان ناگەن، تاوەکو خۆیان بەشدارییەکی کارا و بەهێزیان لە بنیادنانی دەوڵەت و دارشتنی یاسا و دەستووری ئەو دەوڵەتە نەبێت**



زەینەب سندی:

**بە درێژایی مێژوو ئافرەتی کورد پاڵپشتی شۆڕش و بەرخۆدانەکانی کورد بووەو ئێستاش لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا دەبێت بە هەمان رۆحییەتی کوردپەروەرانەی جاران پشتیوانی پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بێت**



شیرین جەمال:

**ئەمڕۆ ئافرەتی کورد لەهەموو کات زیاتر پێویستە هوشیارتر بێت، لەبەر ئەوەی چارەنووسی خۆی و نەوەکانی داهاتووش دیاری دەکات**




نەسرین حەسەن:

**پێویستە لە سەر هەموو ئافرەتی کوردستانی کە بە دەنگی (بەڵێ) و بەشداریکردنیان لە ریفراندۆم ببنە لایەنێکی کاریگەر بۆ سەرخستنی ئەو پرسە چارەنووسسازە و بە هەمانگی و کۆدەنگیی خۆیان مێژوویەکی پڕ لە شانازی تۆمار بکەن**



بێریڤان گەردی:

**دەبێت هەمووان پێکەوە کاربکەین لە سەر رۆشنبیرکردنی سیاسیی تاکی هاووڵاتی، بۆ ئەوەی بە بێ دوودڵی لە دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی خۆیدا بەشداری بکات و دەنگ بە سەربەخۆیی و رزگاری لە کۆیلەیەتی بدات**



هێڤی ئەحمەد:

**دەنگدان بە سەربەخۆیی نیشتمان دەنگدانە بە ژیانی سەربەرزانە و سەربەستی و رزگاربوونە لە زیللەت و پەستی و ژێردەستە بوون**

کورد دراوە.» هاوکات دەڵێت: «دوای ئەنفال و کیمیاباران دوایین پیلانی دوژمنانی کوردستان داعش بوو، ئەگەر پێشمەرگەو هاوکاری هاوپەیمانان نەبوایە، ئێستا بەدڵنیاییەوە هەر یەکەمان خزمەتکاری ماڵە تیرۆریستێکی داعش بووین و چیبیان بەسەر ژن و کچی ئێزیدییەکان هێنا، ئاواشیان لە ئێمە دەکرد. مەبەست لەم پیلانە نەگریسەی دوژمنان ئەوە بوو، هەرچی پیاوی کوردە بیکوژن و لەناوی بەرن و ژن و کچی کوردیش وەک دەستکەوتی شەڕ ئەتک بکەن. بەڵام ئێمەی ئافرەتانی کوردی بەشەرەف یان مردن هەڵدەبژێرین، یان دەبێت کۆتایی بەم زوڵم و ناهەقییە بهێنین کە سەد ساڵە بەرامبەر خۆمان و میللەتەکەمان دەکرێت. ئافرەتی کورد دەبێت لێکدانەوەی تەواومان بۆ ئەم دۆخە چارەنووسسازو هەبێت و هەرچەند بۆمان بکرێت، دەبێت تاکی کورد لە هەستیاریی ئەم بارودۆخە هوشیارتر بکەینەوە. دەبێت تاک بە تاکی کورد بزانێت، ئەو پێشمەرگانەی کە گیانی خۆیان بەخت کردووە لەپێناوی پاراستنی خاک و گیان و شەرەف و نامووسی ئێمەدا بووە، نابێت خوێنیان بە فیڕۆ بچێت.»

نەسرین حەسەن نووسەرو بەڕێوەبەری ماڵپەڕی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «پرسی ریفراندۆم پرسێکی نیشتمانییە کە داهاتووی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراسی مسۆگەر دەکات، هەروەها بە خاوەن دەوڵەت بوونمان لە چوارچێوی قەوارەیەکی سیاسی و لەسەر بنەمای بەهاکانی دیموکراسی، مافەکانی تاکی کوردستانی بە هەموو پێکهاتەکان، بێ جیاوازی ئایین و نەتەوە و رەگەز تێیدا دەستەبەر دەبێت.»

گوتیشی: «ئێمەی ئافرەتانی کوردستان لە سۆنگەی بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆمان بەرامبەر بە دۆزی رەوای گەلەکەمان کە کارەکتەرێکی گرینگی مێژووی خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان بووین، هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشەوە تا قۆناغی راپەڕین و لە دوای راپەڕینیش رۆڵێکی کاریگەرمان لە بونیادنانی وڵاتێکی پێشکەوتوو هەبووە، لەبەرەوپێشبردن و سەرخستنی پرسی ریفراندۆم و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش هەمان رۆڵمان دەبێت. ئەوەی گرینگە بەشداریکردنی بەرفراوانی توێژی ئافرەتانە لە پرسی ریفراندۆم و دەنگدان بە (بەڵێ)، بۆیە پێویستە چەند رێکارێك بگرینەبەر بۆ ئەوەی زۆرترین ئافرەت بەشدار بێت، ئەوەش پێویستی بە رێنمایی و پێدانی زانیاری و وشیارکردنەوەی ئافرەتان هەیە لەو پرسە گرینگە، چونکە لەوانەیە بەشێك لە ئافرەتان تاوەکو ئێستاش لە گرینگیی بەشدارییان لەو پرسە نەتەوەییە بێئاگا بن، یان زانیاری تەواویان نەبێت، ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کاریان لە سەر بکرێت. هەڵبەتە بەشداری ئافرەتان لە دەنگدان، گرینگیدانە بە مافی خۆی وەك تاکێکی کوردستانی هەروەها رێزگرتنە لەو مافەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیەتی، بە دڵنیاییەوە بەشداریکردنی لە ریفراندۆم و بە دەنگی (بەڵێ) هەموو ئەو مافانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراسیدا بۆ دەستەبەر دەبێت کە چەندین ساڵە لە پێناویدا خەبات دەکات و هەوڵی بۆ دەدات، دەرخستنی گرینگیی بەشداری ئافرەتە لە پرۆسەیەکی دیموکراسی کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئافرەت. هەروەها ئافرەت باشتر لە مافی خۆی تێدەگات و بەئاگاتر هەنگاو دەنێت و ئازادانە و بە بڕوا و متمانەیەکی زۆرەوە بڕیار دەدات و ناکەوێتە ژێر رکێفی هیچ کەس و لایەنێك. پێویستە لە سەر هەموو ئافرەتی کوردستانی کە بە بەشداریکردنیان لە ریفراندۆم و دەنگی (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان) ببنە لایەنێکی کاریگەر لەو مێژووە پرشنگدارە بۆ سەرخستنی ئەو پرسە چارەنووسسازە و بە هەمانگی و کۆدەنگی خۆیان مێژوویەکی پڕلە شانازی تۆمار بکەن.»

بێریڤان گەردی ئەندامی مەکتەبی رۆشنبیری لقی ١٥ی خانەقین و بەرپرسی سنەتەری مرواری، لە دەستپێکی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەرکی کورد بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی زەمینەسازکردنە بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان دەبێت هەمووان پێکەوە کاربکەین لە سەر رۆشنبیرکردنی سیاسیی تاکی هاووڵاتی، بۆ ئەوەی بە بێ دوودڵی لە دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی خۆیدا بەشداری بکات و دەنگ بە سەربەخۆیی و رزگاری لە کۆیلەیەتی بدات. بۆیە ئافرەتان کە دایکن، خوشکن، هاوسەرن و لە هەموو کونج و قوژبنێکی مێژووی ئەم کوردستان رۆڵی کاریگەریان هەبووە، دەبێت جارێکی دیکە سەروەریی خۆیان بسەلمێنن و دەنگ بە سەروەریی خۆیان و وڵاتەکەیان بدەن.»

یاساناس هێڤی ئەحمەد، دانیشتووی کەرکووکە و پێش هەموو شتێك باسی ئەوە دەکات، کە پێویستە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان زۆر زیاتر هەوڵ بدەن، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر کوردستان و سەبارەت بە ئەنجامدانی ریفراندۆمیش دەڵێت: «ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ دیاریکردنی پرسێکی گەورەی نیشتمانی رێکارێکی یاسایی و رێپێدراوی نێودەوڵەتییەو پێوەرەی گەورەی دیموکراسی و بەهادانە بە ئیرادەی گەل.»

گوتیشی: «پرسی سەربەخۆیی تایبەت نییە بە رەگەزێك، بەڵام مادام تەوەری راپۆرتەکان رۆڵی ئافرەتانە لەو پرۆسە مێژووییەدا، ئەوا دەکرێت بڵێم، ئافرەتان کۆڵەگەی خێزانن و ئافرەتی کوردیش لە ناوماڵی خۆی و لای هاوسەر و منداڵانی خۆشەویست و خاوەن رایە، بۆیە دەبێت هەر لە ماڵەکەی خۆیەوە دەست پێ بکات، هەموو ئەندامانی خێزانەکەی هان بدات، دەنگ بە کەرامەت و سەربەرزی نەتەوەیی خۆیان بدەن، دەنگدان بە سەربەخۆیی نیشتمان دەنگدانە بە ژیانی سەربەرزانە و سەربەستی و رزگاربوونە لە زیللەت و پەستی و ژێردەستە بوون، ئەگەر پرسێکی وا گەورە و هەستیار و چارەنووسساز بە کەس، یان حزبێکەوە گرێ بدرێت و دژایەتی بکرێت، بێگومان ئەوە یان نەزانی و گەمژەییە، یان کارێکی بە تەواو دوژمنکارانەیە.»

# ریفراندۆم بوو بەرهەمێ سەرپێچیا دستوری ژلایێ عیراقێ ڤە

پشتی سەرهلدانا سالا ١٩٩١ێ، خەلکێ کوردستانێ ڤەگەریایەڤە، ب هیچ رەنگەکی دەستهەلات و حکومەت لدەڤەرێن کوردستانی نەمابوون، ژبەر هندێ بەرەیا کوردستانێ یا وی دەمی بریارا ئەنجامدانا هەلبژارتناندا و حکومەت و پەرلەمان ژلایێ (پارتی و ئێکەتی ) ڤە هاتنە دامەزراندن، دهەمان دەمدا لگور داخوازیا حکومەتا فرەنسا بۆ نەتەوەیێن ئێکگرتی کۆ نابیت عیراق مایێ خۆ ل مللەتێ کورد بکەن، چونکی زولمێ لێ دکەن، ئەنجوومەنێ ئاسایشا نیڤدەولەتی ب بریارا ژمارا (٦٨٨) هێلا (٣٦) یا دژە ڤرینا ئەسمانی لدژی حکومەتا بەعس دامەزراند، ئەڤە بخۆ دانپێدانەک بوو ب هەرێما کوردستانێ ژلایێ سیاسی ڤە و دگەلدا تا نوکە عیراقماینە لژێر بەندێ ٧ یا نەتەوەیێن ئێکگرتی. لسالا ٢٠٠٣ێ، حکومەتا بەعس ل عیراقێ ژنافچوو، لسالا ٢٠٠٥ێ، حکومەتەکا نوو هاتە دامەزراندن و دستورەک بۆ برێڤەبرنا عیراقا فیدرالی هاتە دروستکرن، لێ ب مخابنی ڤە تا نوکە حکومەتا عیراقێ سەرپێچیا ٥٥ بەندێن دستوری کریە، بۆ نموونە، بەندا (١٢١) خالا (ە) ژ دستورێ عیراقێ ئاماژە بوێ ئێکێ دەت، کۆ حکومەتا هەرێما کوردستانێ مافێ دروستکرنا هێزێن ئەمنی یێن نافخۆ هەیە، بڤێ چەندێ پێشمەرگە تاکە هێزا کوردیە سنۆرێن هەرێما کوردستانێ دپارێزیت و رێکخستیەکێ شەرعی و قانونییە لگۆر دستوری، لێ حکومەتا عیراقێ ب هیچ رەنگەکی مافێن پێشمەرگەیی (مووچە، پیداویستێن لەشکەری، چەک و تەقەمەنی ) دابین نەکرینە، بەرۆڤاژی لسالا ٢٠١٢ێ، حکومەتا عیراقێ لسەر دەمێ نوری ئەلماکی پەنا بۆ گەڤێن شەری برن. ژئەنجامێ شەری دژی تیرۆرێ لسالا ٢٠١٤ێ، کۆ لەشکەرێ عیراقێ شکەستن خواری، هەر پێشمەرگەیی بەرەڤانی ژ ئاخا کوردستانێ کر و نەهێلا دەڤەرێن کوردی بکەفنە لژێر دەستێ داعشێ و بهێز و ئیرادە ژی شیان دەڤەرێن دەرڤەیی هەرێما کوردستانێ ژی ب خوینا پێشمەرگەیی ئازاد بکەن و ئەڤە بۆ رێخوشکەرەک لەشکەرێ عیراقێ بشێت دەڤەرا مووسل ئازاد بکەت، لڤێرە شوونا حکومەتا عیراقێ سۆپاسیا پێشمەرگەیی بکەت ب دانا مافێن وان، رابوو بدروستکرنا حەشدا شەعبی وەک لەشکەرەکێ ئیراقی ب هزرەکا تائیفی یاشیعی یا توندرەو، کۆ ب هیچ رەنگەکی ب رێکێن قانونی دەرباز نەبوویە، لێ ب حوکمێ فەرزکرنێ ژلایێ مەرجەعیەتا شیعی ڤە یا دەستهەلاتا زورینە ل عیراقێ و هندەک پەرلەمانتارێن کورد یێن سەر ب ئێکەتی و گورانڤە دەنگ لسەردا شیان رویەکێ یاسایی بدەنێ، بیێ ببیتە پرۆژەکێ یاسایی و خواندنەک لسەر هەبیت و هەمی پیداویستی و چەک و مووچە بو هاتنە دابینکرن. بەندا (١٤٠) ژ دستورێ عیراقێ خویاکریە، دەڤەرێن ناکوکی لسەر هەیی دناڤبەرا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و عیراقێ دگەلدا دەڤەرا کەرکوک دێ ب ریفراندۆمێ چارەسەر بن، لێ ژ ئەنجامێ ترسا حکومەتا عیراقێ کۆ کورد پتریا دەنگدا بدەستخوڤە بینن رێگری بجهئینانا ڤی بەندی کر. بەندێن (١١١ و ١١٢) بەحس ل بەلاڤەکرنا سامان و نەفت و گازێ بشێوەکێ دادپەروەرانە دکەت، لێ حکومەتا عیراقێ نەهێلا یاسا نەفت و گازێ یا دناڤبەرا هەر دوو و حکومەتاندا بهێتە دەرکرن، رابوون بدروستکرنا لێژنەکێ و هەمی یاسا گهوری و پەنا بۆ بریارا تاکرەوی بر و هەولدان هەمی تشتەکی بکەنە لژێر کونترولا خۆڤە و نەهێلا یاسا دەربجیت و نەهێلا ژی هەرێم کار لسەر بکەت، لەوا حکومەتا هەرێما کوردستانێ نەچار بوو، یاسا ژمارا ٤ یا وەبەرهێنانێ لسالا ٢٠٠٦ێ و یاسا ژمارا ٢٢ یا نەفت و گازێ لسالا ٢٠٠٧ێ دەربکەت و کار پێ بکەت، جونکی هەرێما کوردستانێ لگور دستوری مافێ دەرکرنا یاسایان هەیە. مللەتێ کورد خودان ناسنامە و رەوشەنبیریەتەکا جودایە ژ وەلاتێن داگیرکری، لگۆر پرنسیپ ویاساییێن نیڤدەولەتی هەر مللەتەکی مافێ چارەنڤیسی هەیە، بگرە ژدەرکرنا بەیاننامەیا سەربەخۆیا ئەمریکا، لسالا ١٧٧٦، کۆ دبیتە ئێکەم سەربۆرا سەربەخۆیێ، پشتی شەرێ جیهانییێ دوویێ راگەهاندنا مافێ مرۆڤان یا نەتەوەیێن ئێکگرتی هاتە دەرکرن، لڤێرە دیار دبیت مافێ بریاردانا چارەنڤیسی: پێک دئێت ژ مافێ مللەتان کۆ ب ئازادیانە سیستەمێ سیاسی و گیان و ئابور و سیستەمێ جڤاکییێ خۆ دیار بکەت.



هەلز عەلی سەلیم

بۆ گولانی نووسیوە